


# خەدیجە

(خديجة بنت خويلد بن أسد بن عبدالعزي بن قصي بن كلاب)

خەدیجە یەکەم ژنی موحەممەد بووە. ئەوەی زانرابێت, پێش ئەوەی شوو بە موحەممەد بکات, دوو شووی دیکەی کردووە. لە یەکەم مێردی (عتيق بن عابد بن عبدالله بن عمر بن مخزوم). یەك کچی بووە. لە دووهەم مێردی (أبو هالة بن بينها بن نباش بن بينها بن حبيب) بە هەمان شێوە یەك کچی بووە. سێهەم شووی موحەممەدی پەیامبەرەو سێ کوڕو چوار کچیان بووە.

پێش ئەوەی موحەممەد بانگەوازی ئیسلام بکات, لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەی چل ساڵیدا کردووە.[1] بەم پێیە پانزە ساڵ جیاوازی لەتەمەنیاندا هەبووە. وەك سەرچاوەکان لەسەری کۆکن ، موحەممەد لەسەروبەندی ژیانی خۆیدا تا ئەم ژنەی هەبووە, ئەگەرچی فرەژنی لەو ناوچەیەدا

1 تأريخ الطبري: ذكر تزويج النبـــي صلى الله عليه وسلم خديجة رضي الله عنها. قال هشام بن محمد: نكح رسول الله صلى الله عليه وسلم خديجة وهو ابن خمس وعشرين سنة وخديجة يومئذ ابنة أربعين سنة.

کلتورو ڕەفتارێکی بەربڵاو بووە, کەچی ژنی دیکەی نەهێناوەو مێژوونووسان باسی ژنهێنانی دیکەی لەو قۆناغەدا ناکەن. هەروەها مێژوونووسان باسی ژیانی سێکسی موحەممەدیشیان لە پێش ئەم زەواجە نەکردووە. لەم ڕووەوە درێغییان کردووە, چونکە جێی گومانو سەرسوڕمانە ئادەمیزادێك لەناوچەیەکی ئاوها گەرمو لەناو کۆمەڵگایەکی ئاوها سێکسبازو لەکلتورێکی پڕ لەبێبەهای ژندا, جگە لەخەدیجە سێکسی نەکردێت.! بەڵکو وەك ئەوان باسی دەکەن, یەکەم باسو یەکەم ئەزموون کە بەسەری هاتبێت تەنها ئەم زەواجەیەتی لە خەدیجە. پاش ئەوەی بیستو دوو ساڵ پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن, سێ ساڵ بەر لە کۆچ بۆ مەدینە, خەدیجە دەمرێت. لەو بیستو دوو ساڵەدا, حەوت ساڵیان لە ژیانی پەیامبەرایەتیدا بووە.

هەتا مێردی خەدیجە بوو جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ئەم ژنەیدا بەشێوەیەکی ئاسایی پەیڕەو کردووە. لەم ژنەی حەوت منداڵی بووە. سێ کوڕو چوار کچ (الْقَاسِمُ, الطّيّبُ, الطّاهِرُ, رُقَيّةُ, زَيْنَبُ, أُمّ كُلْثُومٍ، فَاطِمَةُ).[2]

---

2 سيرة ابن هشام: السيرة النبوية. الجزء الأول, ص 190 **بەڵام دواتر, لەپاش هێنانی ژنەکانی تری، ڕۆژانەو زوو زوو جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ژنەکانیدا**

گەر پرسیارێك بكرێت: تا خەدیجە لەژیاندا بوو بۆچی موحەممەد ژنی دیكەی نەهێنا, بەڵام دوای مردنی ئەو ژن لە دوای ژن دەهێنێت.؟ ئیسلامییەكان لەوەڵامدا دەڵێن: چونكە خەدیجەی خۆشویستووە. ئەم وەڵامە ئەوە دەگەیەنێت كە موحەممەد ژنەكانی تری خۆشنەویستبێت بۆیە ژنی دیكەی بەسەر هێناون. ئەو ڕاستییانەی كەهەر لەم باسەدا بەچەندین بەڵگەوە دەیخەینە ڕوو, وەڵامەكەیان بە پاساوێكی نالۆژیكی دەدات لە قەڵەم. ڕاستیەكەش ئەوەیە پەیوەندی بەخۆشەویستیەوە نەبووە، بەڵكو پەیوەندی بەو ئاستە ئابوورییەوە هەبووە كە لە ژیانی خەدیجەدا هەبوو. خەدیجە, ناودارێكی ناسراو بووەو ماڵو سامانێكی گەورەو بێئەندازەی هەبووە. موحەممەدیش, پێش ئەوەی ئەم زەواجەی لەگەڵ بكات, هەژارو نەدار بووەو نەیتوانیوە لەبەرامبەر هێزی مادیو مەعنەوی خەدیجەدا بوەستێتەوەو ژنی دیكە بهێنێت. ئابوریو دەسەڵات لەلای ژن (خەدیجە) بووە نەك لەلای پیاو (موحەممەد). بەپێی كلتووری كۆمەڵایەتیو بنەما ئابورییەكانی ئەو كاتانە, خەدیجەی ژن بە هۆی سەرمایەكەیەوە

---

كردووە, لە تەواوی ئەم ژنانەی جگە لەیەك منداڵ, بەناوی ئیبراهیم, منداڵی دیكەی نەبووە, سەرگوزشتەیەك دەربارەی ئەویش هەیە كە منداڵی خۆی نییە بەڵكو بەرهەمی زینایە.

موحەممەدی مێردی بە کۆیلە کردوەو نەیهێشتووە ژنی دیکە بهێنێت. موحەممەدی هەژار, وەك نێرێك, وەسیلەیەك بووە بۆ خالّیکردنەوەی هەوەسی سێکسی مێینەی ژنێك, کە خەدیجەی دەولّەمەندە.

لەبەر ئەوە دەبینین موحەممەد بەلای خەدیجەوە هەتیوێکی هەژارو کەمدەست بووە. خەدیجەش بەلای موحەممەدەوە دایك, خوشك, باوك, برا, ژنو ژیان بووە. یەکێك بووە لە دابینکەرانی دوارۆژ لەدەستکەوتو ئابووریدا. ئەم راستییەش لەقورئاندا هەیە.[3]

لێرەوە هەیمەنەتی خەدیجە بەسەر موحەممەددا دەردەکەوێو بەم هۆیەوە موحەممەد نەیتوانیوە ژن بەسەر خەدیجەدا بهێنێت. بەلاّم لەگەلّ مردنی خەدیجە هەلّگەرانەوەیەکی سەیرو کتوپڕ لەلای موحەممەد روویداوەو نەیهێشتووە چەند رۆژێك بەسەر مردنەکەیدا تێپەڕ ببێت ژنێکی دیکەی هێناوە.[4] دوای ماوەیەکی کەمیش دیسانەوە زەواجێکی تری کردووە. بەم شێوەیە یەك, لەدوای

---

3 الضحى 8

4 زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1 فصل فيازواجه صلى الله عليه وسلم. ذكر سودة

یەك, كۆمەڵێك ژنی هێناوە. ماوەی بیستو دوو ساڵ تەنها یەك ژنی بوو, ماوەی سیانزە ساڵی دوای خەدیجە زیاد لە چل ژن دەچنە ژیانیەوە.